لەبلاْوكراوەكانی ماڵپەڕی ئیمان وەن
www.iman1.com

# شێخی مەدخەلی

# و

# هەوڵی فشۆڵی نەیارانی

ئامادەكردنی

ئەبو موسلیم ئاریانی

كتێبخانەی پێشین　　كتێبخانەی هیوا

كتێبخانەی سیما　　كتێبخانەی زانست

كتێبخانەی سوننە

١٤٣٠ ه — ٢٠٠٩ م

چاپی یەكەم

* قال الإمام الذهبي:

في ترجمة الإمام الشافعي (رحمه الله):

**((ونال بعض الناس منه غضاً فما زاده**

**ذلك إلا رفعة وجلالة...))**

سير أعلام النبلاء (١٠/٨-٩)

# پێشەکی

أن الحمدَ لله، نَحمَده، ونسعينه، ونستغفره، ونعوذ بالله من شرور انفسنا وسيّئات أعمالنا، من يهده الله فلا مضل له، ومن يضلل فلا هادي له واشهد أن لا إله إلا الله وحده لاشريك له، و أشهد أن محمداً عبده ورسوله:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ﴿١٠٢﴾ ﴾ آل عمران: ١٠٢

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ﴿١﴾ ﴾ النساء: ١

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ﴿٧٠﴾ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ﴿٧١﴾ ﴾ الأحزاب: ٧٠ - ٧١

أما بعد: فإن خيرَ الكلامِ كَلام الله ، وخيرالهدي هدي محمد(صلى الله عليه وسلم)، وشرالأمورمحدثاتها، وكلَّ محدثة بدعة وكلَّ بدعةٍ ضَلالة، وكل الضلالةٍ في النَّار، وبعد:

**- خوێنەری بەرێز :**

**ئەم نوسراوە لە بنەڕەتدا بریتی بو لە بە ڕپەرچ دانەوەی کتێبی (گێژاوی مەدخەلیزم).!!**

**بەڵام دواتر لە لای چەند برایەکی خۆشەویست و هاوبیروڕام بە ڕپەرچی لێدرایەوە، بۆیە منیش بەم شێوەیە و تەنها پێشەکیەکەیم خستەبەر دەستی ئێوەی خۆشەویست، لەگەڵ دانانی چەند سەرباسێك، کە کردوومن بە ئامۆژگاری گەلێك ؛و بەو ئومێدەی چیتر گوێ بیستی سنوور شکێنی، وبێ ئەدەبی !! ڕووەو زانایان ونامـاقوڵی کردن لە دەرحەقیان نەبینەوە.**

**- کە تەنها لەم کارەشمدا شەڕەفی بەرگری کارانی ڕێبازی پاکی سەلەف و هەڵگرانی ئاڵای (جرح و تعدیل) و بانگخوازانی ئەم ڕێگایە لە خودا ئەخوازم.**

**- هەروەها {داوا کاریشم لـە خـوای گـەورە بـە خۆشویـستنی ئەوان سوود بەخشمان بکات و مردن و ژینمـان لەسـەر ڕێگا و سـوننەتی ئەوانـەوە بـێ و لەگـەڵ ئـەوانیش حەشـرمان بکات}[1]**

| |
|---|
| ذكر الأمام الألباني - رحمه الله: أن من ينتقد طريقة الشيخ ربيع إما جاهل فيُعلم، وإما صاحب هوى فيستعاذ بالله من شرّه، ونطلب من الله إما أن يهديه وإمّا أن يقصم ظهره . ((سلسلة الهدى والنور. رقم ١،٨٥١)). |

(1) له دوعاكانی ئیمامی (الخطيب البغدادي) ڕحمەتی خوای لێبێ. له پێشەکی کتێبی ((شرف أصحاب الحديث)) ص ٣٣.

# پوختەیەك لە ژیاننامەی

# شێخ ڕەبیع مەدخلی(*)

**- ناوی :** ڕەبیع کوڕی هادی کوڕی موحەمەد عومەیری مەدخەلی قەحتانی یە، هۆزی (المداخلة) لە هۆزەکانی عەرەبی ناسراون لە باشوری میرنشینی عەرەبی سعودی، کە یەکێ لە هۆزەکانی (نەوەی شوبەیل)ن شوبەیلیش کوڕی (یشجب)ی کوڕی (یعرب)ی کوڕی (قحطان)ە.

- لە کۆتایی ساڵی ١٣٥١ك لە میرنشینی عەرەبی سعودی لە دایك بوە.

- لە ساڵی هەشتەمی تەمەنی پەیوەندی کردوە بە ئالقەکانی عیلم لە دێکەیان.

---

(*) بۆ زیاتر ئاشنا بوون بگەڕێوە سەر نامیلکەی (( ربیع بن هادی بانگێشکاری سەلەفی)).

**فێـری (خـط) و خوێندنـەوە و جـوان خوێنـدنی قورئـان و زانـستی تەوحیـد بـوە لـە قوتابخانـەی (الـسلفیة) لـە شـاری** (الصامطة) **لە ماڵی شێخی قەرعاوی ڕحمەتی خوای لێبـێ.**

## شێخی مەدخەلی لە تێڕوانینی زانا ناودارەکانەوە

**یەکەم:** سماحة الشیخ عبدالعزیز بن باز- **ڕەحمەتی خوای لێبێ**-
**باسی کردوە کە شێخ ڕەبیع لـە چاکترینی ئـەهلی سوننەیە، هیچ شك و گومانێکی نیـە کـە یەکێکـە لـە ئـەهلی سوننە و جەماعـەت، هـەروەها لـە لای ئـەو ناسـراوە بـە ڕاسـتاڵی و خاوەن زانست و عەقیدەی ڕاست و درووست.**
**(شێخ ابن باز) ڕەحمەتی خـوای لێبـێ - ئامۆژگـاری کـردووە کە (بانگەوازی بکات بۆ ڕێگـای خـواو بـەردەوام بێت لەسـەر بەرپەرچ دانـەوەی ئەوانـەی لایـان داوە لـە ڕێگـا و** (مـنهج)**ی سەلەف. هەروەها ئارامی هەبێ لەسەر ئەم کارەی).**

ئامۆژگــاری قوتابیــانی عیلمیــشی کــردوە کــە ســوود لــە کتێبەکانی وەربگرن و خۆیانی لێ بەهرە مەند بکەن.

**دووەم:** شێخی فەرمودە ناس و ئیمامی سوننە (العلامـة محمـد ناصر الدين الألباني)- ڕەحمەتی خوای لێبێ- : باس ئەکات کـە شێخ ڕەبیع یەکێکە لە بانگەوازکارانی قورئـان و سـوننەت و لەســەر ڕێ و شــوێنی ســەلەفی ســالح و دژایــەتی کردنــی ئەوانەی لایان داوە لەو ڕێڕەوە.!

(شـێخی ئـەلبانی) ڕەحمـەتی خـوای لـێبێ ڕایگەیانـدووە کـە (ئـەوەی ڕەخنـە لـە کـارە زانـستیەکانی شـێخ ڕەبیـع دەگـرێ جاهل و نەفامە کە ئـەبێ فێربکرێت یـاخود خـاوەن هـەواو ئارەزو و فیزە. ئەوا بە خوا خۆمانی لێ بـە دوور ئـەگرین و خوازیارین یان ڕێنمایـی بکات یاخود پشتی بشکێنێت !!).

**سێ یەم:** فضيلة الشيخ العلامة محمد بن صالح العثـيمين-ڕحمـەتی خـوای لـێبێ- کـاتێ پرسـیاری ئاراسـتە ئـەکرێت: (پێـڕەو – مـنهج-ی شـێخ ڕەبیـع پێچەوانەی پێـڕەوی ئـەهلی سوننە و جەماعەیە؟).

**بەرێزیان وەلآمی دایەوە : (نەمزانیوە پێچەوانەبێ، شێخ ڕەبیع لەلای ئەهلی عیلمی ئەو سەردەمە مەدح و سەناکراوە، من دەرحەق بەو لە خێرو چاکە بەولاوە هیچی تر شك نابەم).**

**چوارەم** : فضيلة الشيخ صالح الفوزان – **خوا بیپارێزێ – شێخ باس ئەکات کە شێخ ڕەبیع یەکێ لە زانا ناودار و بەرزەکانە جێ پێیان هەیە لە بانگەوازی کردنی ڕێگای خوا. شێخ لەو بارەوە هەوڵ و کۆششی زۆری هەیە، هەروەها لە ڕووی بەرپەرچ دانەوەی ئەوانەی دەیانەوێت لە بانگەوازی کردنا لە ئاراستە ڕاستەکەی لا بدەن، جا بە ئەنقەست بیکەن یان بە بێ دەستی (بە نەفامی)،**

**هەروەها خاوەنی تەجرەبەو شارەزاییە، توانای ناسین و تاوتووکردنی ساغ و ناساغەکان و سەرخستنی ووتەکانی هەیە !.**

**هەروەها (شێخ فەوزان) ئامۆژگاری برەودان بە کاسێتەکانی شێخ ڕەبیع ئەکات، هەروەها سوود وەرگرتن لە وانە**

زانستیەکانی ، چونکە سوودی زۆری تێدایە بۆ موسولمانان.
بەم جۆرە شێخ ئاخاوتن ئەکات.

**بەرێزان:** ووتەکانی ئەم زانا بەڕێزانەش دەربارەی شێخ مەدخەلی گشتی تۆمارکراوون و بلاّو کراونەتەوە لە نێو قوتابیانی علم.

فإن الشيخ ربيعاً -حفظه الله- هو حامل لواء هذا العلم في هذا الزمان بشهادة فارس علم الحديث ومجدده في القرن الحالي العلامة الإمام الألباني -أحسن الله مثوبته-
{دفع بغي الجائر الصائل على العلامة ربيع بن هادي...، ص١٠}.

# بەرهەمە زانستیەکانی

★ **کتێبی** ((بين الامامين مسلم والدارقطني)) **کتێبێکی تایبەتە بە ڕەخنە سازی حەدیس و** (علل)**ی حەدیس، جگە لە تایبەتمەندانی ئەم زانستە پیرۆزە کەس ناتوانێت شتێکی وا بنووسێت.**

★ **کتێبی** ((مكانة أهل الحديث ومآثرهم الحميدة في الدين)).

★ **کتێبی** ((منهج الأنبياء في الدعوة الى الله)).

**- چەندین نامیلکە و نووسراوی تری هەن، کە تایبەتی کردوون بە ڕوون کردنەوە و باسکردنی هەڵەکانی هەندێ لەو نووسەر و بانگەوازکارانەی کە لایانداوە لە ڕێگاو ڕێنامەی سەلەفی صالح.**

**لەم ڕووەوە زیاتر تیشکی خستۆتە سەر** ((سيد قطب)) **و بیرو بۆچوون و ئاقیدەکەی، کە لە میانەی ئەم کتێبانەی لای خوارەوە پەردەی لەسەر لاداون:**

- أضواء إسلامية على عقيدة سيد قطب وفكره.

- مطاعن سيد قطب في أصحاب رسول الله (صلى الله عليه وسلم).

- العواصم مما في كتب سيد قطب من القواصم.

- الحد الفاصل بين الحق والباطل.

- **هەروەها شێخ خوا بیپارێزێ لە ڕووی بەرپەرچ دانەوەو ڕوون کردنەوەی داوا پووچەڵەکانی بانگخوازانی** (الموزانة بين الحسنات والسيئات)، **هەڵساوە بە نووسینی کتێبێکی پوخت و پشت ئەستور بە بەڵگەی بەهێز لە ژێر ناوی:**

* منهج أهل السنة والجماعة في نقد الرجال والكتب والطوائف،

**وە لەبەر گرنگی ئەو باسە کتێبێکی تری لەم ڕووەوە تایبەتترکردوە بە ناوی:**

* المحجَّة البيضاء في حماية السنة الغراء من زلات أهل الأخطاء وزيغ أهل الأهواء.

★ **کتێبی** {جماعة واحدة لاجماعات وصراط واحد لاعشرات}:

**لەم کتێبەیدا ڕووی ڕاستی بانگە وازییە بەناوسەلە فییەکەی** (عبدالرحمن عبدالخالق)**ی عەقلانی نیشانداوە، و ڕونیشی**

کردۆتــەوە کــە یــە کێکــە لەبــەرگری کــارانی کۆمەڵــەی گومڕابوی ئیخوان ولە ژێربانگەشەی سەلەفیەت لە(سەلەف) ئەدات.

- هــەروەها ئاماژەیــشی کــردووە بــەو هەڵــە مەنهەجییانــەی کەلە نێو کتێب و ووتارەکانیدا تێکهەڵکێش لەگەڵ چەندین شوبــهە بلاَوی کــردۆتەوە. لەوانــــە:

١- پەیوەســت بــوونی بەئــەهلی بیــدەع وسەرپێــچی کردنــی بنەماکانی سەلەفی صالح.

٢- تۆمــەتی نابــەجێ دانــەپاڵ ســەلەفیەکان وبــەرگری کــردن لەبیدعەکاران وهۆگری بوون پێیانەوە.

٣- بــرەودان بەباســی حاکمیــەو دانــانی بــە چــوارەم بەشــی یەکخواناسی(التوحيـد)[٢]. {کەلەســەر هــەمان ڕێــچکەی ســەید

---

(٢) ئەم داوا پووچەڵەی لەلای چەندین لەزاناو پێشەوایانی ئەهلی سوننە ودەستەی گەورەوە زانایانی مەملەکەتی سعودی یش بەرپەرچی لێدراوەتەوە،

شێخ (إبن عثيمين) ڕەحمەتی خوای لێبێ: دەڵێت: ( هـذا تقسيم مبتـدع صادر من جاهل لايفقه من أمرالعقيدة والدين شيئاً).

قوتـــب ڕۆيـــشتووەو لـــەم ڕووەوە وەك ڕێژگـــەو پێکگەیشتنەوەی دووچۆم وان}.

٤- نـاوبردنی سـەرانی ئـەهلی بیـدەع بـەزانایان(العلمـاء) ومەدارکردن لەگەڵیان[٣]!

٥- جنێـوو تانـەدان بەکەڵـە زانایـانی میرنـشینی سـعودی، لەسەرووی ئەمانەوە شێخی پایەدار ئیمام عبدالعزیزإبن بـاز،و

---

شێخ عبدالعزيز آل الشيخ دەڵێت:( لايجوزأن نجعل للحاكمية قسماً خاصاً لأنها مندرجة تحت توحيدالعبادة).

شێخ الوليد الفريان دەڵێت:( هذا شعار ماهو إلامزاحمة ماكرة للعقيدة الصحيحة).

شێخ صالح السدلان دەڵێت:(من جعل الحاكمية قسماً رابعاً من أقسام التوحيد جاهل أومبتدع أو إنسان ينقل ولايعرف ماذا ينقل). سەیری {(( العلماء يتولون تفنيد الدعاوي السياسية المنحرفة لعبدالرحمن عبدالخالق....)) ص٥و٧ أبوأحمد السلفي} بکە.

([3]) دیـارە لـەم ڕووەوە گـیرۆدەی بنـەما بێـسەرو بەرەکـەی ئیخـوا نولموفلسین بوە( نتعاون فيما اتفقنا عليه ويعذر بعضنا بعضاً فيما اختلفنا فيه).کە لەلای (بەننا)ی هاوڕێی باوکی یەوە داهێنراوە!.

زاناو ڕاڤه كاری قورئان ئیمام محمدأمين الشنقيطي- ڕەحمە تی خوایـان لێبـێ؛{ تۆمـەت بارکردنیـان بـەوەی لـە جەوهـەرو واقیعی ئایینی ئیسلام نازانن[٤] !}

هـەروەها زانـستەكەیان بـە(قـشور)و ئاقیدەكـەیان بـە(تقليـد) ناوئەبات. !

٦- تانەدان لە فـەرمووده ناسـانی پێـشین وزانایـانی حـەدیس لە هیند.

---

(4) شێخ ڕەبیع خوابیپارێزێ - لە كتێبێكی لە ژێر نـاوی ((أهل الحديث هم الطائفة المنصورة الناجية)) ص٩٣-٩٥ دەڵێت: لەم باسەی (فقـه الواقـع) ە، چەنـدین ئامانـجی سیاسی ترسناکیان هەیە !{كە بە (نۆ)خاڵ باسی ئەكات}، لەوانە:

أ- لە كارخستنی مەنهەج وپێڕەوی سەلەفی.

ب- خۆسە پاندن بە سەر بیرو هـزری گـە نجان ،بـە جۆرێك دایـان ئـە بڕن لەزانایان و... هتد. دەڵێم: دوریان دەخەنەوە لەو زانا بەرێزانـەی كـە گرنگیـان داوە بـە زانـستی(جـرح وتعـديل) و بـەرەنگاری بیدعـە و بیدعەكاران بوونە تەوە !

**٧- گاڵتـەکردن بـەزانکۆکانی ئیـسلامی، وفیقهـی ئیـسلامی وحەلال وحەڕام.**

**٨- شەرعییەت دان بەحیزب حیزبێنەو پەرتەوازەیی.**

**٩- بـاوەڕی بـوون بـە پێـڕەوی** (الموازنـات) **لـە نێـوان ئـەهلی سوننەو بیدعەکاران.**

**١٠- بیـدە نـگ بـون لەوکەسـانەی کەوتوونەتـە جنێـودان بەهاوەڵان ڕەزای خوایان لـێبێ، هـەروەها سـەناو پیاهەڵدانی هەڵگیرسـێنەرانی شۆرشـەکە لـەدژی هـاوەڵی بـەڕێز** (عثمـان) **ڕەزای خوای لێبێ.**

**١١- داهێنانی بیری ئیرهـاب وتـەکفیر، بلاوکردنـەوەی لـە نێـو گـەنجان لـەژێر نـاوی**(العمـل الجمـاعي) **یـان**(العمـل السياسي)؛**و...هتد{کە بەم هۆیەوە سەدان وبگرە هەزارانیان لێ لانەویزو هێلانە گووم کردووکردن} ...هتد !**

# شێخی مەدخەلی و
# هەوڵی فشۆڵی نەیارانی

سوپاس و ستایشی بێ پایان بۆ خودای پەروەردگاری جیهانیان ئەو خوایەی  کە کەسێ لە زانا و چاوساغان و میراتگرانی پێغەمبەران (علیهم السلام)، بە ناردنیان پایە بەرز یان ئەکات و لە نێو خەڵکی شکۆمەند و بەوێنەی شاخ دیارییان ئەکات،

ئەوانەن کە دەستی سەر لێشێواوان ئەگرن و چرای ڕێنمایی لە بەردەمیان دا ئەگرسێنن.

شەونخونی و قەلەم بە دەست، هەوڵی نەپساوەی بەردەوام، ئارام گرتن لەسەر تانە و تەشەر و تۆمەتبارکردنیان و درکاندنی گۆتەی نا بەجێ لە دەرحەقیان و...و.... هتد،

تۆزقالێـك كـار لـه هـزرو بیریـان ناكـات![5] بـهڵكو تـهنها پێداگرتن لهسهر ههق و ڕیشهكێشی باطل تاكه شیعاریانه.

- یهكێ لهوانهی كه باسمان كرد زانای پایه بهرزو سوارچاكی مهیـدانی (جـرح وتعـدیل) شـێخی فـهرمووده نـاس (ڕهبیـع كوڕی هـادی مهدخـهلی) یـه –خـوا بیپـارێزێ - كـه هاوشـان لهگـهڵ شـهپۆله تێكـدهره مهزههبیـهكان و درووسـت بـونی بانگهوازكارانی ڕێگای بیدعه جهنگاوهر ئاسا سـهری ههڵداو ساتێكیش بێ دهنگ نهبو له ئاست ئهوانهی كه له نووسـینی كتێبـهكانیان سهرچـنگ چـوون و یـاخود بـۆ لـه پێنـاو سـهر خستنی حیزب یان مهزههبهكـهیان !

ڕوویـان لـه حـهق وهرگێـڕاو دهمیـان نایـه گۆشـتی زانایـان و پهیتا پهیتا دانی خهمگڕوویان تێچهقاند.

**بۆیه بهرێزان** : ئهو حهله پێویسته پاسهوانێتی ئاینهكهمان و ڕێبـازی پـاكی سـهلهف لـه دهسـت تێـوهردانی ئـهم جـۆره كهســانه بكــهین بــه پێــشهنگی كــاری بانگــهوازیمان و

---

(5 ) شاعر دهڵێت: لایضر البحر أمسى زاخراً – أن رمى فیـه غلام بحجـر.

ئاینەکەمان لە شەڕی شەڕەنگێزان پاك ڕابگرین و قەلاّ چۆیان بکەین.
بە پشتیوانی خوا هەوڵیش ئەدەین تیری گلاّوی گومان و دڕدۆنگی ڕاو شوبوهاتەکان لەسەر شێخی پایە بەرز پەرش و بلاّوەی بکەین و نەیارانی و نەفامە تازە پێ گرتووەکانیش حەسرەت باری نە پێکانی مەرامە کانیان بکەین.

## بەرگری لە شێخ

- ئەوانەی نە شێخیان ناسیوە و نە ئاشنایی مەنهەجە بێ خەوشەکەی سەلەف و رێساکانی بووینە، بێ پەرواو بە بێ باکی ئە کەونە قسە ووتن بە شێخی پایە بەرزو بەرگری کاری سوننە شێخ ڕەبیع (خوابیپارێزێ)، کە لە ڕێگای نووسراوی بێ سەرو بەری نێو سایتی یاساغ ! و لەسەر بنەمای شەلم کوێرم نا پارێزم بێ شەرمانە و بەبێ لەبەر چاو گرتنی کەمترین ئەدەبێك لە ئاقار شێخی ناوبراو هەڵوێستی ترسنۆکانەی خۆیان نیشان داوە، وەك ئەو بابایە

خۆ لێ گۆڕاوەی دەڵێت :با نەزانێ عالیمە و قسەی پێ ناڵێین !!!

یان ئەوەی تریان کە پێی وایە کاری چاکی ئەنجامداوە کاتێ پێڕەوی پاك و بێ خەوشی سەلەف و بنەما بەرزەکانی کە هەڵقوڵاوی دوو سەرچاوەی پیرۆزی قورئان و سوننەتن هاوشێوەی (مارکسیزم)ی ئەکات.! ﴿ أَفَمَن زُيِّنَ لَهُۥ سُوٓءُ عَمَلِهِۦ فَرَءَاهُ حَسَنٗاۖ ﴾ فاطر: ٨

ئەمەیە سەرەنجامی کۆلەواری و دیوەخانگەرێتی، و شوێن ویستی خۆ کەوتن.

خوای گەورە دەفەرموێت:وَلَا تَتَّبِعِ ٱلۡهَوَىٰ فَيُضِلَّكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِۚ ﴿٢٦﴾ ص:

واتە: شوێن ویستت نەکەویت، (ئەگینا) لە ڕێگای خودا لات ئەدات.[6]

---

(6) هەروەها علي بن أبي طالب ڕەزای خوای لێبێ – دەڵێت: {( الهوى يصد عن الحق) (( الإبانة الصغرى )) ص١٢٢} .

هیوا دارم لایان نەدابێت، بـەڵام لە لێواری لادان ئەیـانبینم، کاتێ ئەمیری جنێو دەران و موریدەکانی ئەبینم چۆن تانـە لــە زانایــانی ئــەم ئوممەتــە ئــەدەن و تۆمــەت و درۆی شاخداریان بۆ هەڵئەبەستن.

جارێ بە دەرگەوانی سوڵتان و جارێ بە سیخوڕ و جـارێکی تر بە ... بە ... ناویان ئەبەن (والله المستعان) !.

بێگومـان لـەم کارەیانـدا لەگـەڵ خەواریجـەکان ڕاسـتاوێژ[٧] ڕێئەکەن،

کـە سـەرەتا تانەیانـدا لەپێغەمبـەری خـوا (صـلی الله علیـه وسـلم) و پاشـان هـاوەڵان ودواتـر پیاوچـاکانی پێـشینیش لـە دەست و زوبانیان سەلامەت نەبـوون !.

مەدح وسەنای ئەوانەیان کرد کـە سـەلەفی صالح لەسـەر زەم کردنیان کۆکن.

---

(7 ) ڕاستاوێژ: جوانە گایەك کە لەگەڵ گایەك بە ئامووری بێ گاسن جووتی پێدەکەن بۆئەوەی ڕابێ و بۆ بەهاری ساڵی داهاتوو فێری جووت کردن بێ. {فەرهەنگی ڕێژگە، لاپەڕە ١٣٩}.

**هـەروەکو** (عمـران بـن حطـان) **ی خـارجی مـەدح وسـەنای** (عبدالرحمن بن ملجم) **بکوژی** (علي بن أبي طالب) **ڕەزای خـوای لێبێ- ئەکات،**

**هەروەها** (عمرو بن عبيد) **ئەکەوێتـە قسەووتن بـە(حەسـەنی بەسری وئیبنوسیرین)،و...هتد**[٨] **.**

**ئیمامی**(الشاطبـي) **ڕەحمەتی خوای لێبێ-دەڵێت:**

**دەگێڕنـەوە کـە یـەکێ لەسـەرانی ئـەهلی بیـدەع دەیویـست** (کلام) **سەربخات بەسەر**(فقه) **ئـەیگووت:** (إن علم الشافعي وأبي حنيفـة، جملتـه لايخـرج مـن سـراويل إمـرأة). **سـەرجەم زانـستی شـافعی وئـەبی حەنیفـە لـە{سـنووری}شـەرواڵی ئـافرەت**

---

(8) یەکێ لە(**قطبي**)ە کان باس لەوە ئەکات کاتێ لە نێو بە ندیخانە بوە لە گەڵ(**سلمان العودة**)، کە هەواڵی ئەوە ئەبیستن شێخ (**محمد أمان الجامی**) ڕەحمەتی خوای لێبێ — دووچاری نە خۆشی شێرپە نجە بووە،هە ڵدەستێ بە خوێندنی کرنووشی شوکر!!!.

بەلاَم شێخی پایە دار ڕەحمەتی خوای لێبێ - لەسەرە مەرگا ئامۆژگاری دەست گرتن بە عەقیدەی کردووە بەووتەی: **الله الله في العقيدة وفي التوحيد** هەروەکو یەکێ لەزانایان ئەگێڕێتەوە کە لە وێ بوە !

دەرناچـێت !!.{هـەروەها هـەمان گۆتـە دەرحـەق ئیمـامی شوعبە گووتراوە}.

**ئیمامی شاتبی ڕحمەتی خوای لێبێ- ئەڵێت:** ((هذا كلام هؤلاء الـزائغين قاتلـهم الله)). {الإعتـصام –ص٤٣٣}. **واتـە: ئەمـە ووتەی ئەوانەن کە لەهەق لادراوون، خوا لەناویان بات.**

**تێبینی: ئەم ووتەیان لەگەڵ ووتەی ئەوانەی تانە لەزانایانی ئەمڕۆ ئەدەن و ناوو نـاتۆرەی نابـەجێ ئەدەنـە پاڵیانـەوە، و لەماهیـەتی زانـستە شـەرعییەکان و فیقهـو حـەدیس کـەم ئەکەنەوە هاووتان، کاتێ ئـەڵێن: زانایـانی ئـومڕۆ لـە** (واقـع) **نازانن و زانایانی حەیزو نیفاسن!!**

**بـەم ووتانـەیان ئەیانـەوێت کەسـانی سیاسـیەت مـەداری درۆیـــین و وموفـــەکیرە دۆڕاوەکـــان و توویـــژەرەوە عەقلانییەکان بەسەرکەسانی زانا بە قورئـان وسـوننە فـەرز بکەن!،**

**هەروەکو** (طارق سويدان) **ئەو کەسەیە کـە لـەلای گومڕابـوانی ئیخـوان وتەکفیرییـەکان گرینگـی ئـەوتۆی پێـدراوە دەڵێـت:**

(وهناك علماء لايفقهون الواقع، وتركوا الواقع، وانكبوا على كتب الحيض والنفاس)!{((سل السيوف..))ص٦٧ }**ئەم نەفامە بێ ئاگایە یان خۆی بێ ئاگا کردوە لەوەی کە خوای گەورە لە ئایەتێکا چەندین ئەحکامی پەیوەست بەو باسە داناوە ، پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل ڕەحمەتی خوای لێبێ- دەڵێت:** ((جلست في كتاب الحيض تسع سنين حتى فهمته))! {((سل السيوف والأسنة..)) ص٦٧} .

**واتە: نۆساڵان خەریك بوم تا لە باسی حەیز تێگە یشتم .**

**بەڵێ بەڕێزان: ئەمە حاڵی بیدعەکارانە دەرحەق بە زانایانی سوننەو شوێن کەوتووانی ئایینی بێگەردی ئیسلام ، هەرلە سەرەتای دەرکەوتنی خۆری ئیسلام تاڕۆژی دوایی...**

## بۆ هەر قەومێك میراتگرێك هەیە

**بە هەر حاڵ بەڕێزان:**

**ئەم درمە هەر لە دەسپێکی هەڵوێستی ڕقەبەرایەتی ئەهلی بیدعەی (قودامە) ڕووە و ئەهلی حەدیس و سەلەفی صالح تا ئەمڕۆش بە ویراسە بۆیان ماوەتەوە هەر وەك گوتراوە :** (لكل قوم وارث)! **واتە : بۆ هەر نەتەوەیەك میراتگرێك هەیە! هەروەها**

- **دوو پێشەوای بەڕێز** (أبو حاتم الرازي) و(أبو زرعة الرازي) **ڕەحمەتی خوایان لێبێ- دەڵێن:** (علامة أهل البدع الوقيعة في اهل الأثر) اللالكائي (٧٩/١).

**واتە : نیشانەی ئەهلی بیدەع (بیدەعەچی یەکان) تانەگرتن و جنێو دانە بە ئەهلی حەدیس و شوێن کەوتووانی سوننەت و ئەسەر.**

**– (أحمدبن سنان القطان)يش –ڕەحمەتی خوای لێبێ- دەڵێت:**
(ليس في الدنيا مبتدع إلا وهو يبغض أهل الحديث. { (عقيدة السلف أصحاب الحديث) للامام الصابوني ١٠٢رقم ١٦٣}

**واتە : هیچ بیدعە چی یەك نیە لەم دونیایە، ئیللا ڕقی لە ئەهلی حەدیسە!.**

**هەروەها هەر زانایەك گرنگی بە زانستی جەرح وتەعدیل بدات وباس لە حاڵی بیدعە کاران بکات، ئەوا ئە کەوێتە بەر شاڵاوی ڕقوکینە ولە لایەن لە هەق لادراوەکان دژایەتی ئەکرێن.!** {((دفع بغي الجائر...))ص١٠} .

**چونکە ئەوانە ئەیانەوێت خەڵکی لەسەر بنەما و ڕەسەنایەتی بیرکردنەوە و بڕیاردان لا ڕێ بکەن و بەرەو ئاقارێك ڕاپێچیان بکەن کە ئەویش شەرعیەت دانە بە حیزب حزبێنە و شەخس پەرستی، کە هۆکاری سەرەکی پەرتەوازەیی و لە ڕەگەوە تێکچونی شیرازەی کۆمەڵگا و تاکی مرۆڤە چ جای شێواندنی ڕاستی یەکان و تێکهەڵکێش بوونی هەق و باطل!.**

**بێگومان هەقیش لای ئەهلی سوننە و بانگخوازانیەتی، بۆیە سەرەڕای کەوتنە ململانێی ئەم هەقە هەر دەبێ براوەش بێت.!**

**پێغەمبەری خوا** (صلى الله عليه وسلم) **دەفەرموێت :** " لا تَزَالُ طَائِفَةٌ مِنْ أُمَّتِى عَلَى الْحَقِّ ظَاهِرِينَ لا يضرهم من خذلهم ولا من خالفهم حتى يأتي أمر الله وهم على ذلك ". رواه مسلم/ ١٩٢٠

**واتە : هێشتا کۆمەڵێك لە نەتەوەکەم ئاشکرایە لەسەر فەرمانی خواو هەق و ڕاستین، دژایەتی کردنیان لە لای کەسانی پێچەوانە هیچ زیانێکیان پێ ناگەیێنێت، تا ئەو ڕۆژەی فەرمانی خوا (ڕۆژی دوایی) دێت.**

**شێخ** (صالح الفوزان) **خوا بیپارێزێت- لە باسی سیفاتی ئەم کۆمەڵە سەرکەتووە ئەڵێت :**

**ئەوانەن کە ئارام لەسەر هەق ئەگرن، و ئاوەڕ لە گۆتەی کەسانی پێچەوانەیان نادەنەوەو، لە لۆمەی لۆمەکارانیش**

**ناترسـن.** {((الأجوبـة المفيـدة عـن أسـئلة المنـاهج الجديـدة-ص ٧٢))جمع جمال بن فريحان الحارثي} .

**- بێگومــان ئاشــنابووانی ڕێبــازی پــاکی ســەلەف بەگــشتی شــایەتی ڕاســتییەکی حاشــا هەڵنــە گــرن ئــەویش:{شــێخ خوابیپارێزێ درێژەپێدەری کاروانی تێکۆشان وسەنگەرگیری دژبــە بیدعەکارانــەو، وەك زانــاو پێــشەوایانی پێــشینی ئــەم ئوممەتە سـوپاس بۆخـوا توانیوویـەتی لم سۆنگەوە ئەسـپی خۆی تاوبدات.**

**هــەروەکو لەســەربنەمای ئــایین پــارێزی و بایــەخ دان بــە ئامۆژگــاری کردنــی موســوڵمانان[٩] چــەندین کتێبــی قــایم وسوودبەخشیان نووسیوە لەوانە:**

---

[9]) هـەروەها فێـڵ نـەکردن لـە ئـایین وڕاسـتگۆیی ڕووەو موسـوڵمانان، چونکە بێدەنگ بوون لە بید عە کاران و بەرپەرچ لێنەدا نەوەیان بـە خیانەت وفێڵ کردن لە موسوڵمانان دادەنرێت.

گـەر سـەرنج بـدەین پێغەمبـەری خـوا (صلى الله عليـه وسـلم) خـۆی بێبــەری ئــەکات لــە وانــەی کــە لــە کــڕین وفرۆشــتنا فێــڵ ئەکــەن دەفەرموێت:((من غش فليس مني)) طرف من حديث رواه مسلم -١٠١،

١- **ئیمامی ئەهلی سوننەوجەماعە** (أحمدبن حنبل) **لە٢٤٠ھ وەفاتی کردوە، هەڵساوە بەنووسینی کتێبی** ((الردعلى الزنادقة والجهمية)). **هەروەها**

٢- الإمام محمد بن إسماعيل البخاري-**٢٥٦ھ،کتێبی** ((خلق أفعال العباد)) و((الردعلى الجهمية))ی **نووسیوە**

٣- الإمام أبو محمدبن قتيبة الدنيوري-**٢٧٦ھ ،کتێبی** ((تأويل مختلف الحديث)) و((الإختلاف في اللفظ والردعلى الجهمية والمشبهة)).ی **نووسیوە.**

٤- الإمام عثمان بن سعيدالدارمي-**٢٨٠ھ ،کتێبی** ((الردعلى الجهمية)).ی **نووسیوە.**

٥- الإمام الحافظ أبوبكربن أبي عاصم الشيباني-**٢٨٧ھ ،کتێبی** ((السنة)).ی **نووسیوە.**

---

**ئەی دەبێت چەندە بێبەری بێت لە وانەی کەخیانەت لە ئایین وموسوڵمانان ئەکەن؟!،کاتێ ڕووەو بیدعە کاران بێدەنگ ئەبن وبەڵکو بەرگریشیان لێئەکەن؟!.**

٦- الإمام عبدالله بن الإمام أحمد بن حنبل-٢٩٠ه **كتێبی** ((السنة))،ی **نووسیوە.**

٧- الإمام محمد بن نصر المروزي-٢٩٤ه **كتێبی** ((السنة))،ی **نووسیوە.**

٨- الإمام أبو جعفرمحمد بن جريرالطبري -٣١٠ه **كتێبی** ((صريح السنة))،ی **نووسیوە.**

٩- الإمام أبوبكربن الخلال -٣١١ه ،**كتێبی** ((السنة)).ی **نووسیوە.**

١٠- الإمام أبوبكر محمد بن إسحاق بن خزيمة -٣١١ه، ((كتاب التوحيد)).ی **نووسیوە.**

١١- الإمام أبو محمدالحسن بن علي البربهاري -٣٢٩ه، **كتێبی** ((شرح السنة)).ی **نووسیوە.**

١٢- الإمام أبوبكرمحمد بن الحسين الآجري-٣٦٠ه ،**كتێبی** ((الشريعة)).ی **نووسیوە.**

١٣- الإمام أبوعبدالله عبيدالله بن محمد بن بطة العكبري _٣٨٧ه **كتێبی** ((الإبانة عن الفرقة الناجية ومجانبة الفرق المذمومة)).ی **نووسیوە.**

١٤- الإمام الحافظ محمد بن إسحاق بن يحيى بن منده -٣٩٥هـ **كتێبـی** ((كتـاب التوحيـد)) و((كتـاب الإمـان)) و((كتـاب الـرد علـى الجهمية)).ی **نووسیوه.**

١٥- الإمام أبـو عبـدالله إبـن أبـي زمـنين -٣٩٩هـ **كتێبـی** ((أصـول السنة)).ی **نووسیوه.**

١٦- الإمام الحـافظ أبـو القاسـم هبـة الله اللالكـائي -٤١٨هـ **كتێبـی** ((أصول إعتقاد أهل السنة والجماعة مـن الكتـاب والسنة وإجمـاع الصحابة والتابعين من بعدهم)).ی **نووسیوه.**

١٧- شـيخ الإسـلام الإمـام أبـو عثمـان إسماعيـل الـصابوني -٤٩٩هـ ،**كتێبـی** ((عقيدة السلف أصحاب الحديث)) و((الرسـالة في إعتقـاد أهل السنة وأصحاب الحديث والأئمة)).ی **نووسیوه.**

١٨- الإمام الحافظ أبو القاسم إسماعيـل التيمـي الأصـبهاني -٥٣٥هـ ،**كتێبـی** ((الحجة في بيان المحجة)) و((شرح عقيدة أهـل الـسنة)).ی **نووسیوه.و...**

**هەروەها ئەو زانا بەڕێزانەی لەسـەر هـەمان ڕێـڕەوی ئـەوان ڕۆیشتوون ،وەك** {شيخ الإسلام إبـن التيميـة ،**و قوتابیـە كـانی**

وەك الإمـام ابـن القـيم الجوزيـة ،..}،كـه لـەم ڕووەوە چـەندین کتێبیان نووسیوە .
پاشان پە یڕەو کارانی هەمان ڕێبازی ئەمانە و نوێکـەرەوەی بانگەوازی پیرۆزی تەوحید (محمد بن عبـدالوهاب) ڕەحمـەتی خـوای لێبــێ - و قوتابیــەکانی، و ئەوانــەی شوێنــی ئــەوان کەوتوون لەبانگەوازی کردن بـۆ ڕێگـای سـەلەف لـە زانایـانی جیهانی ئیسلامی.

## چیان لە شێخ ئەوێت؟!

**بـەرێزان:** لەبـەر ئـەم ڕاسـتیانە و دەیـانی تـریش شـێخی پایـەدار شـێخ ڕەبیـع بۆتـە ئامـانجی پێکـان لـە لای سـەرانی بیدعەکارانی سەردەم و حاشیەکانیان چونکە ئـەوان ئـەزانن و هەروەکو ئاشکرایە :

**ئاشنا بوون لەگەڵ زانستە چڕو پڕەکەی شێخی مەدخەلی کە لە نێو سکی نووسراوەکانی دان، واتای ژیانەوەو بینینی شتەکان بە چاوی ڕاستەقینە ئەگەیێنێت.**

**بەڵێ : گەر سەرنج بدەین کاتێ پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل- ڕەحمەتی خوای لێبێ- لە (ئایین)دا تۆمەتباری ئەوانە ئەکات کە ئەکەونە قسە ووتن بە پێشەوا** (حماد بن سلمة) **ڕەحمەتی خوای لێبێ- دەڵێت :** (فإنه كان شديداً على المبتدعة)! سير أعلام النبلاء-٧/٤٥٠.

**چونکە زۆر توندو تیژ بوە لەسەر بیدعەچیەکان.!!**

**بەڵێ : شێخیش خوا بیپارێزێ ئەمڕۆ بۆتە دڕکێك چەقیوەتە گەروی ئەهلی بیدەع، نە بۆیان قوت ئەدرێ و نە فڕە ئەدرێ !!**

**ئەمە لە لایەك، لە لایەکی ترەوە : - بوونی بانگەوازی سەلەفی کە ئەمڕۆ شێخی مەدخەلی[١٠] و زانایانی تری شوێن**

---

**([10]) هەروەها زۆرێك لە قوتابیانی شێخ، سوپاس بۆخوا توانیوییە تیان پەردە لەسەر نەنگی بیدعەکاران ڕامالن وتەنگ بەهەر یەکەیان**

کەوتەی سەلەف ئەرکی ڕاگەیاندنیان لە ئەستۆ گرتووە، ئەبێت بە مایەی نیگەرانی ئەهلی بیدعە لە هەر شوێنێك هەن، لە کاتێکا خۆیان بە دۆش داماوی و لات و کەساس لەبەردەم بەلگە کانەوە ئەبیننەوە. بۆیە پەنا ئەبەنە بەر تانەو تەشەردان و تۆمەتبارکردنیان، لە بری ئەمەش ئەکەونە پیا هەڵدانی خۆیان و سەرانی بیدعە چی یەکان !.ئەم بۆچونەیش ڕێك لەم ووتە پڕ بە هایەی زانای پایە بەرز شێخ (عبداللطیف آل الشیخ) بەدی ئەکرێت، کە ئەڵێت

---

هەڵبـچنن، لـەوانە: شێـخ عایدالـشمري،عبدالله الظفيري،أحمدالزهراني،أبوإسـحاق الجزائري،أسـامة العتيبـي،خالدالظفيري،أبوعبدالحق عبداللطيف بن أحمدالكردي،و...هتد

* شاینی باسە مامۆستا (أبو عبدالحق) لەم ڕووەوە دەستی بالاو ڕۆڵی کاراو بەرچاوی هەبوە، بۆیە لەلای بیدعەکارانی ئەم وولاتە! و تەنانەت لەلای سەرانی بیدعەچی کان وحیزب وگروپی بەناو ئیسلامیش، دوای سوود وەرگرتن لەزانستەکەی ئنجا هەوڵی لەکادارکردنی دراوە !!.

: (ومِن عـادة أهـل البـدع إذا أفلـسوا مـِن الحجـة، وضـاقت بهـم السبل تروحوا بعيب أهل السنة و ذمهم ومدح أنفسهم ) ! !

**واته: لـه عـادەتی بیدعـه چـی یـه کـان ئـه وەیـه کـاتێ هـیچ بەڵگـه یـه کیـان دەسـت نەکـەوت {بۆسـەر خـستنی بیدعـه کـەیان و، بۆخــەڵکی ئاوەلاّبوییــەوە کــه ئــەوان لــه ســەر گومڕایین} ،لـه وکاتـەدا پـەنا دەبەنـه بـەر لـه کـەدار کردنـی ئــەهلی ســوننەو زەم کردنیــان ؛لــه بــری ئــەوەیش مــەدح وســەنای خۆیــان ئەکــەن {تاخــەڵکی لــه ســوننەت دوربخــه نــەوە}!!.**

## ئامۆژگاری

**★★ پێیان ئەڵێم :**

**★ هەرچـی زووە بگەڕێنـەوە باوەشـی هـەق، و پەشـیمانی لـه تاوەنەکانتان دەرببڕن، ئەگینا پێ نانـه ئـەم ئاقارە تاوانێکـه هیچ پاساوێك هەڵناگرێت.**

**(واتە: تاوانی تانە و جنێو دان بە زانایان)! پێغەمبەری خوا** (صلى الله عليه وسلم) **ئەفەرموێت :** " إِنَّ العَبْدَ لَيَتَكَلَّمُ بالكَلِمَةِ ( ما يَتَبَيَّنُ فيها ) ، يَزِلُّ بها في النارِ أَبْعَدَ ما بَيْنَ المشرقِ والمغربِ " متفق عليه/سلسلة الصحيحة/٥٤٠

**واتە : کەسانێ هەن قسە ئەکەن بێ ئەوەی بیری لێبکەنەوە و لە واتا و سەرەنجامەکەیشی بکۆڵنەوە، بە هۆیەوە دەچنە ناوەوەی دۆزەخ بە ئەندازەی دووری نێوان ڕۆژ هەڵات و ڕۆژ ئاوا !!**

**★ چی تر یاری بە ئایینەوە مەکەن !، ئەوەی لەگەڵ هەواو ئارەزووکانتان بگونجێت وەری ئەگرن، و ئەوەیش ڕەت ئەکەنەوە کاتێ بیری تەسکتان پەی پێ نەبات !.**

ولاتكُ من قومٍ تلهو بدينهم = فتطعن في أهلِ الحديثِ وتقدح[١١]

**واتە: لەوانە مەبە کە یاری بە ئایینەوە ئەکەن، و تانە لە ئەهلی حەدیس ئەدەن و بە وەسف و ناتۆرەی خراپ ناوزەدیان ئەکەن !**

(11) المنظومة الحائية في السنة لأبي بكر بن ابي داود السجستاني

* شيخ الإسلام إبن تيمية - **ڕەحمەتی خوای لێبێ- دەڵێت:**

{**لە بەرئەوە (پێشین) مان بە بیدعەکاران وتەفرەقە خوازان وئەوانەی پێچەوانەی قورئان وسوننەتن پێیان گوتوون** (أهل الأ هواء)، **چونکە بە پێی هەواوئارەزووی خۆیان وبێ ئەوەی خوا بۆیان دابنێ، ئەوەی ئارەزوویان بکردایە وەریان ئەگرت، و ئەوەیشی ڕقیان لێبوایە وەریان نەئەگرت !!**} ((مجموع الفتاوى ٤-١٨٩)).

**★ دەم هەڵگرن لە خواردنی گۆشتی زانایان — هەروەکو زانراوە گۆشتی زانایان ژاراوییە!،**

**پێشەوا** (ابن عساكر) —**ڕەحمەتی خوای لێبێ- دەڵێت :** ((أنَّ لحوم العلماء رحمة الله عليهم مسمومة)). تبيين كذب المفتري (ص:٢٩) .

- **هەروەها ئەڵێت :** (وكل من أطلق لسانه في العلماء بالثلب بلاه الله عز وجل قبل موته بموت القلب). { تبيين كذب المفتري (ص: ٤٢٥) } .

واته : هەر کەسێ بە خراپە بکەوێتە قسە وتـن بـە زانایـان، خوای گەورە سزای ئەدات بە مردنی دڵیان بەر لە مردنیـان! (واتە: ئاخر شەڕیان دەکات خوا پەنامان بدات).

★ پایـەی زانایـان بـزانن و ڕێزیـان بـۆ دابنـێین لـە سـەنگ و ماهیەتیان کەم مەکەنەوە.

- {بەڵام گەورەیی و پایەداری زانایان ئـەم حەڵـە لای ئـەوان ئاوەڵایی ئەبێت کە خۆیان ناسی و لـە ئاسـتی ڕۆشـەنبیری و ئایینی خۆیان قسە بکەن}.

هەروەك پێشەوا (الذهبي)- ڕەحمەتی خوای لێبێ- لە وەڵامی ئەوانەی کە ئەیانووت پێشەوا ئەحمەد تەنها فەرمووده زانە فیقهـزان نیە!!

دەڵێت: (..، ولكن الجاهل لا يعلم رتبة نفسه، فكيـف يعـرف رتبـة غيره؟!!). {سير أعلام النبلاء ١١/٣٢١}

واتە : بەڵام بابـای جاهیـل کـە پلـە و پایـەی خـۆی نازانێت، چۆن پلەو پایەی کەسانی تر ئەزانێ؟!

**- چــونكه كاتێــك خــۆی ناســی كــه تــەنها فەریكــه خوێنەوەارێكه، ئەوا ناكەوێتە بەرامبەرکێ لەگەڵ زانایـان.**

**بەڵكو ئەم جورئەتەیشی نابێت چ جای ئـەوەی بـه شـێخ و هـاوبیرانی شـێخ بڵـێ: (كـەو ئـەو كەوەیـه بەرامبـەر كـەو بخوێنێت)!!!.**

{ فيا سعادة إبليس بتقدمهم – ويا ويل الأمة بتصدرهم!}

**بەراسـتی شـەیتانی نـەفرەتی بـه پێـشكەوتنی ئەمانـەوە خۆشحاڵ ئەبێ، وماڵوێرانی میللەتیش بە دەمڕاست زانینـی ئەمانەوە بەندە.!**

**پێغەمبەری خوا** (صلى الله عليـه وسـلم) **ئەفـەرموێت :**" لـيس منا من لم يجل كبيرنا ويرحم صغيرنا ويعرف لعلمنـا حقـه" (حـديث حسن) أخرجه أحمد وغيره كما في "صحيح الجامع" (١٢٢/١).

**واتـه : لـه ئێمـه نیـه ئـەوەی ڕێـزی گـەورەكانمان نـەگرێت و بەزەیی بـه بـچووكانمان نەیەتـەوە، مـافی (زانایانیـشمان) نـه ناسێ و بۆیانی نەگێڕێتەوە.**

(شيخ الاسلام ابن تيمية)- **ڕەحمەتی خوای لێبێ- دەڵێت :** (وأهل السنة والجماعة يتبعون الكتاب والسنة ويطيعون الله ورسوله، فيتبعون الحق ويرحمون الخلق) {مجموع الفتاوى ٢٧٩/٣}

**واتە : ئەهلی سوننە و جەماعەت شوێنی کتێب و سوننەت ئەکەون و گوێرایەڵی خوا و پێغەمبەرەکەی** (صلى الله عليه وسلم) **ئەکەن - هەروەها- شوێنی هەق ئەکەون و ڕەحمیش بە خەڵکی ئەکەن {پایە و ڕێزی زانایان ئەپارێزن}.**

(الإمام طاوس بن كيسان)- **ڕەحمەتی خوای لێبێ- دەڵێت :** (من السنة أن يوقر أربعة : العالم، و ذو الشيبة، والسلطان، والوالد) {شرح السنة للبغوي ٤٣/١٣}.

**واتە : ڕێزگرتنی چوار کەسان لە سوننەتەوەیە، (زانا، و پیری بە ساڵا چوو، و خاوەنداری موسمانان، و دایك و باوك).**

**⋆ بەر لەوەی خۆتان بکوتنە نێو باس و خواسی عیلمەوە، فێری خوڕەوشت جوانی بن{واتە: ڕووەو زانایان بە ئەدەب بن}!**

**چونکه بەلای ئەهلی سوننە و جەماعەت زانست بە ڕێگای خوڕەوشتی جوان و ڕێزگرتن لە زاناو پیاوچاکانەوە فەراهەمدێت.**

**پێشەوا** (يوسف بن الحسين)- **ڕەحمەتی خوای لێبێ- دەڵێت :**
(بالأدب تفهم العلم) {اقتضاء العلم العمل/ ص ١٧٠-للخطيب البغدادي}

**★ بە چاوی خەڵکی مەڕواننە زانایان، و لەگەڵ گرۆی خەڵکی باسیان مەکەن.**

**بەم کردەوەتان هاوشێوەی خەواریجەکان ئەبنەوە، ئەوانەی کە ڕەچاوی هیچ ڕێز و گەورەیی یەکیان بۆ زانایانی ئەم ئومەتە و هاوەڵەبەڕێزەکانی پێغەمبەری خوا** (صلى الله عليه وسلم) **نەکرد،**

**بەڵام سەرەنجامی ئەم کارەیان زەرەر مەندی بوو، وە بەم هۆیەوە سەرگەردان بوون و خەڵکیشیان گومڕاو لە خشتە برد.**

**هەروەها پەرتەوازەی و تەفرەقەیان لە ئاییندا بەرپاکرد، هەر گروپێکیش هەروەکو ئاشکرایە دڵخۆشە بەوەی لەسەریەتی و پێ یەوە ئەنازێت !!** {قواعد في التعامل مع العلماء/ص ٨}

**★ بزانە ڕێز نەگرتن لە زانایان دەرچوونە لە ڕێبازی پاکی سەلەف، چونکە پێشەوا و دەم ڕاستانی ئەم ئوممە تە لە هەر سەردەمێکا شایەتی چاکی کەسانێکیان بە ڕێز گرتن و خۆش ویستنی ئەهلی حەدیس و پەیڕەوکارانی بەرنامەی سەلەف پەیوەس کردووە.!**

**- پێشەوا** (قتيبة بن سعيد)- **رەحمەتی خوای لێبێ- دەڵێت :** (إذا رأيت الرجل يحب أهل الحديث فأنه على السنة، ومن خالف هذا فعلم انه مبتدع). {مقدمة شعار أصحاب الحديث ص ٧}.

**واتە : ئەگەر کەسێکت بینی ئەهلی حەدیسی خۆشویست، بزانە ئەو کەسە لەسەر سوننەتە، وە هەر کەسێکیش وا نەبوو بزانە ئەوا یەکێکە لە بیدعە کاران.**

- **هەروەها پێشەوا** (ابو محمد الحسن ابن علي البربهاري)- **ڕەحمەتی خوای لێبێت- دەڵێت** : (وإذا رأيت الرجل يحب أبا هريرة، وأنس بن مالك، وأسيد بن حضير، فاعلم أنه صاحب سنة إن شاء الله، وإذا رأيت الرجل يحب أيوبا، وابن عون، ويونس بن عبيد، وعبد الله بن ادريس الأودي، والشعببي، ومالك بن مغول، ويزيد بن زريغ، ومعاذ بن معاذ، ووهب بن جرير، وحماد بن زيد، وحماد بن سلمة، ومالك بن أنس، والأوزاعي، وزائدة بن قدامة، فاعلم أنه صاحب سنة، وإذا رأيت الرجل يحب أحمد بن حنبل، والحجاج بن المنهال، وأحمد بن نصر، وذكرهم بخير وقال قولهم فاعلم أنه صاحب سنة). {شرح السنة ص ١٢٠-١٢٠}

**واتە : {کاتێ لە ڕێز بەندی ناوەکان بەردەوام دەبێت} ئینجا ئەڵێت : کەسێك ئەوانەی خۆشویست و بە چاکە ناویان بێنێ و بە پێ ی گۆتەکانیان ئاوخاوتن بکات، ئەوا بزانە ئەو کەسە خاوەنی سوننەیە، واتە : سوننی یە.**

**- بە هەمان شێوە شایەتی کەوتنە ناو بیدعە و لادان لە ڕێبازی پاك و بێ خەوشی ئەهلی سوننە و جەماعەت پەیوەستیان کردووە بە قسە ووتن بە زانا و پێشەوایانی سوننە بۆ وێنە :**

**پێشەوا** (أبو جعفر الفلاّس)**-ڕەحمەتی خوای لێبێ- دەڵێت :**
(إذا رأيت الرجل يقع في أحمد بن حنبل فاعلم أنَّه مبتدعٌ ضال).
{مقدمة الجرح والتعديل ( ص:٣٠٨-٣٠٩)، وتاريخ دمشق (٥/٢٩٤)}.

**واتە : ئەگەر کەسێکت بینی ئەکەوێتە قسە گوتن بە ئەحمەدی کوڕی حەنبەل، بزانە ئەو کەسە بدعەکارێکی گومڕایە.!**

**بۆیە منیش ئەڵێم:**

**کەسێکت بینی زانایانی ئێمە، وەك (شێخ ئیبن باز، و شێخی ئەلبانی، و شێخ ئیبن عوسە یمین، و شێخ موقبیل، شێخی جامی و شێخ فەوزان، و شێخی مەدخەلی ، شێخی نەجمی، و....... هتد) خۆشبوێت و پایە یان بەرز ڕابگرێت، بزانە ئەو کەسە لە پەیڕەوکارانی سوننەیە،**

**هـەر کەسـێکیش وا نـەبوو، ئـەوا لـە گومڕابـووانی ئـەهلی بیدعەیە.!**

وصلَّى الله على محمد وعلى آله وصحبه وسلَّم

**تەواو بو بە پشتیوانی خوا**

**١١/رەمەزانی/١٤٣٠ ه**


**لەبلاْوکراوەکانی ماڵپەڕی ئیمان وەن**

www.iman1.com

**هەمیشەلەگەڵمان بن بۆنوویێبوونەوەی ئیمان**

imanonekurd@yahoo.com